## ایران امروز ١٩٠٧ – ١٩٠٦ ، ایران و بین النهرین

کتێبەکە ئۆژێن ئۆبین(Eugene Aubin) باڵوێزی فەرەنسە لە ئێران(٧ – ١٩٠٥) نووسیویەتی. ناوی ئەسڵی کتێبەکە بریتی بوە لە "مانگی شەوی چاردە" بەڵام لە تەرجەمەی فارسیدا ئەو ناوەی سەرەوەی پێ دراوە .
کتێبەکە، لەراستیدا بیرەوەری سەفەری باڵوێزە لە تارانەوە بۆ تەورێز و ورمێ و ئیسفەهان و کرمانشان و خانەقین و بەغدا .
فەسڵی چوارەمی کتێبەکە (لاپەڕە ١٣١ – ١٠٦) ناوی "لە خاکی کوردانداˮی لەسەر دانراوە و بیرەوەری سەفەری ورمێ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو و مەراغەیەتی کە راستەوخۆ بۆکان ناگرێتەوە، بەڵام یادداشتەکانی مەهاباد و میاندواوی باڵوێز زۆر خاڵی ئەوتۆیان گرتوتەوە کە پێوەندی بە بۆکان و دەور و بەریشی پەیدادەکەن :
کەریم ئاغای شاروێران، عەزیز ئاغای کۆسەکەرێز و زۆرێکی تر لە ئاغاواتی دێبوکری لە یادداشتەکاندا ناویان هاتوە، شەڕی شا عەبباسی سەفەوی لەگەڵ موکرییەکان ئاماژەی پێکراوە .
ژمارەی بنەماڵەی موکری بە ٥٠ هەزار و دێبوکرییەکان ١٠ هەزار قەبڵاوە و دەڵێ دێبوکرییەکان باشترین یارمەتیدەری حکومەتی ئێرانن ... . "موفتی" موکریەکان "مەلا محەممەد"ە، ژمارەی لایەنگرانی تەریقەتی نەقشی لە ناو خەڵکدا زیاترە، هەر بۆیەش دەوڵەت لایەنی قادرییەکانی گرتوە و ئەوان بە هێز دەکات ! دوو کەسایەتی گەورەی ناوچەکە، "شێخ شمس الدین شەریف کەندی" و [شەرەفکەند] و حاج سەید عەبدولکەریمی زەمبیلن . قادرئاغای ئاگریقاش سەرۆکی دێبوکرییەکانە . چۆمی تەتەهو و جەغەتوو دەگەنە میاندواو، گوندی کەلبی رەزاخان و بازاری قەباخکەندی و "چاردەوەڕوو" واتە چواردۆڵییەکانی ساینقەڵا و تیکاب لە هۆزی "لەک"ن و ئاغا محەممەد خانی قاجار رایگوێستوونەتە ئەو شوێنە و ... . زۆر بابەتی تر . تەرجەمەی فارسی کتێبەکە زۆر لاوازە .

اورژن اوبن، ایران امروز ١٩٠٧ – ١٩٠٦، ایران و بین النهرین – سفرنامه و بررسیهای سفیر فرانسه در ایران، ترجمه و حواشی و توضیحات از علی اصغر سعیدی، چاپ اول، کتابفروشی زوار، تهران ١٣٦٢[١٩٨٣]، ٥١٩ صفحه، فارسی .